وەزیری بەرگری عێراق: سنوورەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتەواوی پارێزراون

لە میان سەردانیکردنی بۆ پارێزگای نەجەفی پیرۆز ،وەزیری بەرگری عێراق رایگەیاند، سنوورەکان بە تەواوی پارێزراون و هیچ نیگەرانییەک لەبارەیانەوە نییە.

عەباسی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ئاژانسی (موتەبع) چاودێری کردووە رایگەیاند، سەردانەکەمان بۆ پارێزگاری نەجەف ئامانجی پێداچوونەوەیە بە دەخی ئەمنی، ئەمەش لە نزیکەوە لەگەڵ سەرکردایەتی ئەمنی بەدواداچوون بە ئەم فایلە دەکەین.
ئاماژەی بەوەشکرد، پرسی دابینکردنی پارچە زەویە تەرخانکراوەکان بە وەزارەتی بەرگری لە چوارچێوەی شوێنی جێزیرە لە پارێزگای نەجەف ئامانجی سەردانەکەمان بوو بە نەجەف.

ڕوونیشیکردەوە، دەخرەتە بەردەم ئەو لیژنەیەی کە لەلایەن دیوانی سەرکایەتی حکومەتەوە ڕێگەی پێدراوە لەنێوان وەزارەتەکانی بەرگری و بیناسازی و نیشتەجێکردندا بە بەیاردان و دابەشکردنی.

باسی لەوەشکرد، سنوورەکان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتەواوی ئەمنن و هیچ نیگەرانییەکی ئەمنی نییە.